# سروشت ومرۆڤ

ئاسۆ حامدی
ئۆکتوبەری 2005

سروشت، سروشته (لیره دا باس له ئالوگۆره ناوخۆییيەکانی سروشت و کاریگەریەکانی ناکەین) بەلکو باس له مرۆڤ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سروشت و کاریگەری سروشت لەسەر مرۆڤ دەکەین. مرۆڤ یش مرۆڤه، سروشت و مرۆڤ هەردووکیان لەیەک تیکهەلکیشراون و ئالۆزن و له پرۆسەیەکی دینامیکی بەردەوام دان. ئەم باسه بۆ جۆریک له زاخاوی مێشک نوسراوه....هەر خوێنەرێ ئازاده له فەهمی بۆ بەسەکان....

میژووی سروشت له میژووی مرۆڤ کۆنتره.مرۆڤ ئەگەرچی خۆی دەستکەوتی سروشته، له هەمانکات زۆر ئاڵوگۆری به سروشت داوه، ئەم ئالوگۆرانه خودی خۆشی گرتۆتەوه.

له میژووی نوسراودا مرۆڤ بالا دەسته و هەردەم هەولی داوه سروشت دەستەمۆ بکا، بەلام مرۆڤ هەر له هەولی زالکردنی دەسەلاتی نیه بەسەر سروشت بەلکو بەردەوام له هەولی ناسینیشی دایه. ئەم دوو پرۆسەیه له گەل یەکدا زۆر هیزی بەمرۆڤ بەخشیون.

تا ئیستاش سروشت هیزه شاراوەکانی له توانای مرۆڤ بەهیزتره، مرۆڤ دەستبەرداری نابێ و هەردەم له کیشەدایه له گەڵیدا..

له وەتەی میژووی نوسراوهەیه، یان لەوەتەی مرۆڤ به هۆشیاری مامەله لەگەڵ دەوەرووبەری دەکات و به کۆمەلایەتی دەژی، ئەوا بیری له گۆڕانی سروشت کردۆتەوەو ئالوگۆری به وجود هیناوه.

مرۆڤ له سەرەتا هەموو کارەکانی بەرگری کردن له خۆی مانەوەی خۆیدا هەنگاوی هەلگرتووه.

مرۆڤ ئەوکات زۆر خۆشتر و سادەتر مامەلەی لەگەڵ سروشت کردووه، ئەوەنده دل رەق و سەرکەش بەرامبەر به سروشت هەلسوکەوتی نەکردووه.چونکه هۆیەکانی بەرهەمهینان وا گەشەیان نەکردبوو.مرۆڤ زۆر شاد له گەڵ سروشت دەژیا.مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆشی ساده، ئازاد ، راستگۆ و دلپاکتر لەگەڵ یەکدا دەژیا. دوای ئەوەی که بەرهەم کەوتەدەست کۆمەله کەسانێ و بەرهەم له لایان کەلەکه بوو، ئەوا مرۆڤ مرۆڤی چەوساندەوه.

سروشت لەو کاتەوه تووشی هەمان پەیوەندیەکی تر بوو له گەڵ مرۆڤدا.

کەلتوورو مرۆڤ

سروشت سەرچاوەی گشت شتیکه،کەلتووری مرۆڤایەتی له هەر شوێنی له جیهاندا به شیوەیی گەشەیکردووه.کەلتووری سەردەمی کۆن زۆر ریزیان له سروشت گرتووه.ئیستا مرۆڤ به هۆشیاری بۆ پاراستنی تەندروستی دەگەریتەوه بۆ سروشت و بنەماکانی..

هیما ئایینەکان، پەرستگاکان به وینەی جوانی سروشت و رەمزەکانی بەهیزی سروشت و گیانداران رازاوەتەوه، شایەکان به نموونەی لەشی ئەو گیاندارانەیان پی بەخشیون.

هەموو شارستانیەته کۆنەکان به جۆرێ مامەلەیان لەگەڵ سروشت کردووه تا وای لیهاتووه بۆته بەشێ له کەلتووری شوێنەکان.

تا وای لیهاتووه هەندێ له لیکولەرەکانی سروشت بلێن کەلتووری دەولەمەند یانی سروشتی دەولەمەند، یان به پیچەوانەوه. کەلتووری هەژار یانی سروشتی هەژار. لیرەدا کەلتوور گشت دەگریتەوه وەک سروشت.

مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانی بەردەوام بێ بۆ رازی کردنی سروشتی خۆی کەلتووری پێویست بووە و پێ ویستە، ئەمە بۆتە بەشیکی ژیانی ئاسایی. لە هەر دەورانیکی رژیمە کۆمەلایەتیەکان مرۆڤ جۆرێ لە سروشتی خۆیی و کەلتووری هەیە. بەنموونە کەسەکانی سەردەمی کۆیلایەتی زۆر جیابوون لە کەسانی ئەمرۆ ئەگەرچی چەوسانەوەی مرۆڤ لە لەلایەن مرۆڤەوە هەر وەکو خۆیەتی...

مرۆڤ و کار

پێش ئەوەی کار بە دەست هەق بێ، کار مرۆڤی وەک مرۆڤ بەبەرهەم هیناوە، لە هەموو رژیمە کۆمەلایەتیەکانی مرۆڤایەتی جیاجیادا کار رۆلێکی سەرەکی گیراوەو دەگیرێ لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. هەموو دەست کەوتەکانی مرۆڤایەتی بە چاک و خراپەوە بەرهەمی کاری مرۆڤن. هەموو شتە سەرسوڕهینەرەکانی دونیا بە هیزو بازووی کارکەران و زەینی ئەوان هاتۆتە ئاراوە. زەررەیەک لە غەیب و شارراوەی تیا نیە.

پەرستگاکانیش هەر وەکو ئالا هەر دەستکردی کاری مرۆڤن.مرۆڤ ئەوکاتەی بۆ نەرەخساوە لە خۆی بگا، ئەگینا لە زۆر حالەتدا هەر کارەکانی خۆی پەرستووە. مرۆڤە سەرەتاکان واتە بەبێ رژیمی کۆمەلایەتی کە کەس خاوەنی هیچ نەبووە، لە سروشتی خۆیدا ئازادتر خۆشحالتر ژیاوە.

لە دوای پەیدابوونی جەمسەربەندی و پەیدابوونی سیستەم و چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە مرۆڤ خۆشی و شاددی لێ بووە نسبی، لە رۆژیکدا جارێ دلخۆش و سەد جار نەعلەت لە ژیانی دەکا. نیزامی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە خۆشی لە هەمووان تالکرد.

ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبوو لە دیاریکردنی کاری، ژیانی هەردەم لە هەرەشەو گورەشەی نیوان مەرگ بێ چۆن شاد دەبێ.کاتێ هەموو شتی لەسەرەوە حوکمت بەسەردابکرێ کەی دلخۆش دەبی.

خۆشی مرۆڤ لە ئازادی واقعیە،ئەمەش ئەمرۆ تەنها بۆ خاوەن پارە هەیە..بەلام خۆ ئەویش هەر لە بیری پارەکەی ژیانی لێبۆتە قوزەقورت، نازانێ بە پارەکەی نەوتی دزراوی عیراق بکڕێ یان ئەلماسەکانی سیرالیۆن یان لەوحە جوانەکانی ڤان کۆخ و بیکاسۆ و دافینشی..یان کارگەکەی بباتە کامە وولات هیزی کاری تیا هەرزانە..هتد..هتد.

بەکورتی ئیستا کەس لە دونیا دڵخۆش نیە بە مانای ووشەکە، لە زۆربەی ئامارەکانی دونیا کە ناکرێ لیرەدا بیانخەینە روو ئەوا خەلکی هەژار دلخۆشترن لە خەلکی دەولەمەند سەرەرای ئەم هەموو رەزالەتیانەی کە دەولەمەندەکان بە هەژاران دەدەن.

مرۆڤ ئەوکاتانە دلخۆشە کە سەرکەوتنێ لە کارەکانی بەدەست دەهێنێ،

مرۆڤ سیفاتی بە دەسەلات بوون و مولکداریەتی لیبۆتە بۆماوە، بە حوکمی درێژەکیشانی رژیمی کۆمەلایەتی سەرمایەداری.مرۆڤ وا بە ئاسانی لەمە رزگاری نابێ..

کاتی خۆی رابەری شۆرشی کریکاری لینین ووتی چینی کریکار بە غەریزە شۆرشگیرە، ئەم غەریزەیە هەر ماوەو دەمێنێ تا ئەم نیزامە مابێ. بەلام شکل و شیوەی دەگۆرێ.

خۆشی مرۆڤ لە نایەکسانی دایە، ئەمەش دەسکەوتی نیزامی چەوسانەوەیە لە ژیانی مرۆڤدا. بۆ یەش رابەرانی سۆسیالیستی مارکس و ئەنجلس هەر زوو باس لە دەورانەکانی سۆسیالیزم و کۆمونیزمیان کرد. لە کۆمۆنیزمدا مرۆڤ بە هۆشیاری نایەکسانە.

بە کورتی کار مرۆڤی دروستکرد و کاریگەری جدی لە سروشت پیکهینا، کار لە نیزامی سەرمایەداری سەرچاوەی پیسبوونی ژینگەیە، یەک لە هۆکارەکانی پەیوەند نەبوونی سەرمایەدارانی وولاتانی پیشەسازیە بە یاساکانی ژینگە.

سروشت بە هیزی کاری مرۆڤ جوانتر و رازاوەتر و کاولتریش بوو.لە سایەی رژێمە کۆمەلایەتیەکان و دەسەلاتی کەمایەتیەکی کەم.

سروشت و مەزهەب
مرۆڤ پێش ئەوەی بیر لە بیروباوەربکاتەوە، بیری لەوەکردۆتەوە چۆن بژی و پیداویستەکانی ژیانی هەبێ بە کورتی غەریزە گیانداریەکانی ( نوستن، خواردن، سێکس....هتد...هتد) تێر بکات ئینجا بیر لە پەرستن و ئایندەی بکاتەوە..
مەزهەب و میژووی مەزهەب بەرامبەر بە سروشت هەر بەراورد ناکرێ، میژووی مەزهەب لە میژووی مرۆڤ یش لە دوا ترە، سەیری سالەکانی رۆژژمێری ئایینەکان بکە هەر لە سالی بودەکان، زەردەشتەکان، جولەکەکان، کریستەکان، ئیسلامەکان هتد ئەوا بە بەراورد بە یەک ئالوگۆری جیولۆجی لە چینەکانی زەوی دەکرێ بلیین دوێنێ بوو.
یەکەم هەنگاوی مرۆڤ خۆ ئازادکردن بووە لە هیرشەکانی سروشت مانەوە بۆ بەردەوامی ژیان.
هەموو مەزهەبەکانی دونیا سروشت بە دەستکردی خوا دەزانن، مرۆڤ دەبێ سەیری ئەم دونیایە بکا، خوا شەو و رۆژی داناوە، ئەم هەموو باران و دەریا و بوومەلەرزەو سەوزایی و میوەیەی بەبەرهەم هیناوە، لە هەموو شتی دوو جنسی دروست کردووە.. هتد.هتد.
ئەمانە هەموو نا حالی بوونی مرۆڤ بە سروشت نیشان دەدا.
مەزهەب لە گەڵ شارراوەو هێزی بێ ئامانی سروشت تیکەلاو بووەو دەبێ، چونکە تاکە شارراوەیە..
مەزهەب زۆر ریزی لە سروشت گرتووەو دەگرێ، لە هەمان کاتتدا رەزالەتەکانی کە بە مرۆڤی داوە ئەوا سروشتیشی گرتۆتەوە.
هەموو مەزهەبەکان سەرەتای هۆشیاری مرۆڤایەتین، بەلام هەمووشیان نەیانتوانیووە مرۆڤ وەکو مرۆڤ پیناسە بکەن. هەموو مەزهەبەکان پیپانوایە مرۆڤ دەبێ دەست بەرداری چەوسانەوە بێ، رازی و شوکر بێ چونکە خوا وای بۆ داناوە.
مەزهەب لە دوا مەنزڵیدا وەک ئامرازێ بۆ شەرعیەتی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهات و دێت. مەزهەب سەنگەری لە دژی چەوسانەوە هەر لەسەرەتاوە چۆلکردووە. مەزهەبی شۆرشگیر لە ژیانی مرۆڤدا بە وجود نەهاتووە.
تا ئەوکاتەی مرۆڤ لە هەموو نهینیەکانی سروشت دەگات، مەزهەب سروشت وەک وەهمیکی خودای و قودرەتەکەی بەکاردەهینیت، کاتێ لی حالی بوو ئەوا دەبیێتە فلیمی کارتۆنی مندالان و دەچێتە ئەرشیفەوە.
بەکورتی مەزهەب و سروشت خەیالاوی تیکەلی یەک بوونە.کاتێ واقع ئەم خەیالە تیکدەشکینی. ئەوا مەزهەب دەچێتە فازی واقعی خۆی یەوە. بەلام خەیاڵ لەگەڵ مرۆڤدا هەر دەمێنێ، خەیاڵ ئامرازی مەستی بێ دەسەلاتانە، دڵ نەواییەکی خۆشە، ئەمەش هەموو کەسێ لە هیندی کاتتدا پێویستی پێ هەیە.

سروشت و سروشتیەکان
چۆنایەتی ژینگە بە شیکی گرنگ لە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا پێک دەهینێ، چۆنایەتی سروشتییش بەشیکی گرنگ لە چۆنایەتی ژینگە پیک دەهێنێ. لە دەورانی ئیستادا بە دەیان رێکخراو و دامودەزگای پاراستنی سروشت و ژینگە پەیدا بوون ، لە میژە ئەمانە بوون بە بەشیک لە دام و دەزگای دەولەت و بە یاسای بوونەتەوە بە شێ لە یاساکانی وولات و بەرێوەبردن

پێکدێنن. بنەمای ئەسلی ئەم ریکخراوانە لە دەورانێکی زوودا سەری هەلدا دوای لە دەیەی هەفتاکان کە هیندی لە کۆمونیستەکانی ئەوروپا لەگەڵ ریکخراوەکانی تر ی ژینگە کە پارتی سەوزیان تەشکیل کرد سەرەتای سەرهەلدانی پتەوی هیزەکانی سروشت بوو لە ئەوروپادا..
سەرەتای سەرهەلدانی ئەوان بە گۆشت نەخواردن و سروشتی بوون لە سەرکەنارەکانی دەریا و دژایەتی کردنی کارخانەکان و بازرگانیەکان کە دژایەتیان لەگەل ژینگەو سروشت هەبوو دەستی پێکرد، لە دوا پایگەیاندا ئەمانە تەنانەت لە مەیدانی ئەکادیمیای و فەرهەنگی دا لە گشت مەیدانێکدا گرنگیان پێدەدریت. تەنانەت لە گشت یاساکان و ئالوگۆرەکانی کۆمەلگا گرنگیەکی تایبەتیان هەیە.
سروشتیەکان و ڕیکخراوەکانیان لە دەورانی زێرینی خۆیاندا توانیان بە گشت کۆمەلگا بسەلمێنن کەوا ئەم پیرۆزیەی سروشت لە باری سروشتی خۆیدا خزمەت بە تەواوی کۆمەلگادا دەکات. لەم هەنگاوە مەزنەیاندا تا ئێستاش چەپ و کۆمونیستەکان هاوکاری و پێشرەویان دەکەن.
لەم دواییانە تەنانەت لە هەندێ ولاتدا رێکخراوی توندڕەوی سروشتیەکان پەیدا بوون بەتایبەتی لە ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوادا. ئەمانە پییان وایە دەبێ بە هیز پارێزی لە سروشت و ژینگەدا بکەن.
ئەمرۆ نەک هەر سروشتیەکان بەلکو تەواوی کۆمەلگا لە ولاتانی پێشکەوت و پیشەسازیدا دەیانەوێ بۆ سروشت و بەرهەمەکانی بگەرێنەوە بۆ پاراستنی تەندروستییان لە نەخۆشی و دەردە کوشندەکان. سروشت ئەمرۆ بۆتە بەشێ لە چۆنایەتیە پێویستەکان بۆ بەشەریەت.
مرۆڤەکانی دیفاع لە ژینگەو سروشتییش بەشیکن لە مرۆڤە نارازیەکان بەرامبەر بە نیزامی کۆیلەی کریگرتە لە دەورانی ئەمرۆدا.حزوری ئەوان لە هەموو ئالوگۆرەکانی دونیادا بە گویرەی بیروباوەری خۆیان لە ئیعترازەکاندا هەیە. هەر لە دژایەتی کردنی شەری ئیمپریالی تا دەگاتە رزگارکردنی پەلەوەریکی ئاوی لەکاتی نقوم بوونی لە نیێو پەترۆلی خاودا.یان دژایەتی کردنی چەکی کیمیای و ئەتۆمی...هتد.